




# کۆداکۆپتەری بچووک و ئەرکی مەزن

کۆداکۆپتەرەکان، ئەو فرۆکە بچووکانەن کە جگە لە کاری فیلم هەڵگرتنەوە و بواری سینەما بۆ کاروباری سوپایی وسیخوڕیش سوودی لێوەردەگیرێ. کاری سەرەکی کۆداکۆپتەرەکان هەڵگرتنەوەی فیلم لە بەرزاییەوەیە.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای DJI بچووکترین فرۆکەی بچووکی خۆی بەنای Mavic mini بەرهەم هێنا. ئەم کۆداکۆپتەرە کێشی کەمی هەیە و قەبارەشی بچووکە، بەقەد لەپی دەست دەبێ.

لە فرۆکەکەدا کامێرایەکی هەیە کە بە کوالیتی 2.7K فیلم هەڵدەگرێتەوە. کێشەکەی تەنیا ٢٥٠ گرامە، پەرەکانی بە جۆرێك دروست کراون کە بە بەرکەوتن و بەربوونەوە تێکناچن، بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی دەفرێت. هەروەها سوڕان بە دوای دیمەنی مەبەستدا، دوورکەوتنەوە لە دیمەنەکە و هێنانەی پێشی دیمەنەکە..

تایبەتمەندییەکی هەیە کە پێی دەگوترێ CineS-mooth، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە دەتوانرێ ڤیدیۆ بە شێوەی ئێفکتی سینەمایی تۆمار بکەی.

لەکاتی فیلم هەڵگرتنەوەدا بەکارهێنەر دەتوانێ لەسەر مۆبایلەکەی خۆی یا لەسەر کۆنترۆڵی فرۆکەکە ئەو دیمەنانەی کە فیلمیان لێهەڵدەگرێتەوە سەیریان بکا.

کامێراکە بە جۆرێك بە فرۆکەکە پەیوەند دەدرێ کە لەکاتی هاتنی با و لەرینەوەدا هیچ کێشەیەك نەیەتە پێش.




# چەکێک بۆ سەر مۆبایلەکەت

دەسکی گەیمی جۆری PG-9082 یەکێکە لە گەیم پادەکان بەڵام بە دیزانێکی سەرنج ڕاکێشەوە. ئەم گەیم پادە زۆر وەك چەکێك دەچێت و بەو دوگمانەی لەسەریەتی چێژێکی تایبەتی بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێت.

مۆبایل لەسەر بەشی لوولەی چەکەکە دادەنرێت، لەگەڵ زۆربەی مۆبایلەکانیش دەگونجێت. خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی چەکەکە ئەوەیە کە هێزی لەرینی هەیە و لەکاتی یاری شەڕکردندا هەستێکی تایبەتی بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێ.

چەکەکە شەحن دەکرێتەوە، دوای شەحنکردنەوە دەکرێت هەتا ١٥ کاتژمێر کاری پێبکەی. ئامێرەکە بەهۆی ئەپێکی تایبەتییەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. حاڵەتەکانی نیشانەنگێوی، ڕاکشان و بازدانی تێدایە و وەك چەکی ڕاستیش لە یارییەکەدا تەقەی پێدەکرێ.

# مۆبایلێک بۆ پۆلیس و هێزەکانی فریاکەوتن




پۆلیسەکان و پیاوانی ئاسایش پارێز، لە جۆرێك لە تەلەفۆن سوود وەردەگرن کە تایبەتە و چونکە چالاکی و هەڵسوڕانیان زۆرە دەبێت زۆریش پتەو و خۆڕاگر بێت.

سامسۆنگ لەم ماوەیەدا مۆبایلێکی زۆر پتەو و خۆراگری بەناوی Xcover FieldPro بەرهەم هێنا، کە بۆ پۆلیس و شاخەوان و ئەندازیار و..تاد دەگونجێت.

قەوارەی مۆبایلەکە ٥,١ ئینجە، کوالیتی نیشاندانەکەی زۆر بەرزە ٢٥٦٠ لە ١٤٤٠دا.

رامەکەی ٤ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٦٤ گیگایە و دەکرێ میمۆری جۆری ٥١٢ گیگابایتشی بۆ دابندرێ.

کامێراکەی ١٢ میگاپیکسلە و کامێرا پێشەوەشی ٨ میگاپیکسلە.

لە مۆبایلەکەدا دوگمەی تایبەتی بۆ داندراون وەك دوگمەی «بیگرە و قسە بکە» (Push-to-talk)، ئەم دوگمەیە بۆ کاتەکانی فریاکەوتنە. جگە لەوەی کە وەك مۆبایل سوودی لێوەردەگیردرێ، دەکرێت وەك ئامێرەکانی FMی پۆلیسش بەکار بێت.

مۆبایلەکە بە جۆرێك دروست کراوە کە لە ئاست بەربوونەوە، سەرما و گەرمای زۆر، باران و تۆزخۆڵ کێشەی بۆنایەتە پێش. هەروەها لەکاتی مەلە و پەڕینەوە لە رووباریشدا کێشەی نایەتە پێش.



# رۆبۆتێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە

جیهانی رۆبۆتەکان هەروا دێ پەرە دەگرێ، ئەم هەواڵە هەم جێگای دڵخۆشییەو هەم جێی نیگەرانی. چونکە ئەگەر رۆبۆت شوێنی مرۆڤی گرتەوە، ئەوکات کێشەی زۆر گەورە سەر هەڵدەدا.

لە ماوەی رابردوو و لە چەند ژمارەدا چەند رۆبۆتێکمان ناساندووە، ئەمجارەش باسی رۆبۆتێك دەکەین کە دەتوانێت سەرەڕای ئەوەی ئەرکی ماڵەوە ئەنجام دەدات زۆر کاری دیکەشی لەدەست دێ.

رۆبۆتی جۆری Mebo وەك تانکێکی بچووك دەچێت، ئەوەی لەماڵەوە نیازت هەبێ هەڵیبگری و لەشوێنی دیکەی دابنێی ئەنجامی دەدا. لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. دەتوانێت فیلم و وێنە بۆ سەر مۆبایل یا تەبلێت و کۆمپیوتەرەکەت بەڕێ بکا.

دەکرێت بە شوێنی دووریش بەڕێی بکەی و لەوێوە فیلمی پێ هەڵبگریەوە، یا بەهۆی مایکەکانییەوە ئەوەی لە دوورەوە دەیبیسی لە نزیکەوە گوێت لێبێ. بە کورتی کاری سیخوڕی پێ بکەی. لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێسیش دەگونجێت. دەتوانێت کاروبارەکانت بیربخاتەوە و وەك پێراگەیشتن بە منداڵ و گیانلەبەرانی ماڵەوە.




# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشن

لەم سەردەمەدا یەکێك لە پیشەکان دروستکردنی کارتۆنی و فیلمی ئەنیمەیشنە، سەدان پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی کارتۆنی جوڵەدار، یەکێك لەو پرۆگرامە ناسراوانەش پرۆگرامەکە سەر بە زنجیرەی ئەدۆبە و بەناوی Character Animator ناسراوە. پرۆگرامەکە وەك زنجیرە پرۆگرامەکانی ئەدۆب زۆر لەمێژ نییە و پرۆگرامێکی نوێیە.

کاتێك تۆ کەسایەتییەکی کارتۆنی دروست دەکەی، دەتوانی لە ئاست کامێرای کۆمپیوتەرەکەت بوەستی و لەگەڵ جوڵەی روخساری خۆت رێکی بخەی، واتە تۆ چ جوڵەیەك بکەی، وەك چاوداگرتن، قسەکردن، پێکەنین..تاد، رێك لاسایی جوڵەی تۆ دەکاتەوە و پێویست ناکا بەدەست جوڵەی بۆدابنێی.

دەتوانیێ جوڵەی ئەندامەکانی دیکەی لەشیش دووبارە بکاتەوە. هەربۆیە دەتوانیێ بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لەماوەیەکی کەمدا فیلمێکی کارتۆنی دروست بکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆرجاران لە wordدا کە بابەتێك دەنووسم و دەمەویێ justifyی بکەم، واتە دێڕەکان هەموویان بەقەد یەك بن لە کتێبکدا، کەچی نازانم بۆچی دێڕەکان زۆر دەکشێنەوە و وشەکان درێژ دەبنەوە چ رێگا چارەیەك هەیە؟

خوێنەری بەڕێز بە زۆری ئەو بابەتانەی کە لە ئینتەرنێت بۆ فایلێکی word دەگوازنەوە ئەم کێشەیە دروست دەبیێ. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئاسانترین رێگا ئەوەیە کە خودی بابەتەکە کە تێکچووە، کۆپی بکەی و لە پرۆگرامی notepadی کە لە هەموو کۆمپیوتەرێکدا هەیە بیلکێنی و پاشان، جارێکی دیکە کۆپی بکەیەوە و لەناو wordدا بیلکێنیەوە.

# کاتژمێری زیرەکی مۆتۆ بە بەرگێکی نوێوە




کاتژمێر زیرەکەکان شوێنی کاتژمێرە ئەنالۆگی و کلاسیکیەکانی گرتۆتەوە، بەڵام مرۆ هەمیشە حەز دەکا بۆ گەڕانەوە بۆ رابردوو و نوستالۆژیش بێت لە جیهانی رابردوو دانەبڕێ و ئامێرەکانی رابردوو لەم سەردەمەشدا بەکاربێنێ.

پێشتر کۆمپانیای مۆتۆرلا کاتژمێری جۆری motoی بەرهەم هێنا کە لە شێواز و دیزایندا وەك کاتژمێرێکی کلاسیکی دەچێت، بەڵام هەموو ئەرك و فەرمانێکی کاتژمێری زیرەك ئەنجام دەدا.

لەم ماوەیەدا نوێترین کاتژمێری مۆتۆ بەناوی (moto 360) بەرهەم هات، بەڵام نەك هی کۆمپانیای مۆرتۆرلا، بەڵکو لەلایەن کۆمپانیای eBuynow ەوە بەرهەم هات.

مۆتۆ ٣٦٠ شاشەکەی ١,٢ ئینجە لە جۆری OLEDیە. لە ژێر کاتژمێرەکەدا سیستەمێکی بەهێز هەیە رامەکەی ١ گیگابایتە و میمۆری داکردنی داتاکانیش ٨ گیگایە.

لەو کاتژمێرەدا زۆربەی تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرێکی زیرەك بەرچاو دەکەون وەك سیستەمی NFC, GPS و هەروەها نیشاندانی لێدانی دڵ و بلوتوس و وای-فای.

کاتژمێرەکە بۆ کاتی مەلەکردنیش زۆر گونجاوە چونکە لە قوڵایی سێ مەتر ژێر ئاویشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش. لەگەڵ ئەو مۆبایلانە دەگونجێت کە ئەندرۆیدی سەرۆی ڤێرژنی ٥یان لەسەرە. لەگەڵ سیستەمی iosی ئایفۆنیش دەگونجێت.





# مۆبایلەکەت بکە ئیکس بۆکس

ئامێری X box کە تایبەتە بۆ گەیم و یاری ئەلکترۆنی بۆ ئەوانەی گەیم دەکەن ئامێرێکی زۆر ناسراو و ناوازەیە. بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و لە مایکرۆسۆفتدا هەزاران یاری تایبەت بە x box هەن.

چەند ساڵێك لەمەوبەر بە دوای بەرهەمهێنانی ویندۆز۱۰دا مایکرۆسۆفت رایگەیاند کە دەکرێت ئەو یارییانەی لەسەر xbox هەن لە کۆمپیوتەریشدا ئەنجام بدرێن. ئێستاکە مایکرۆسۆفت لە هەوڵێکی دیکەدا بەهۆی ئاپی xbox game streaming تایبەتمەندییەکی بۆ مۆبایلەکان زیاد کردووە، ئەویش ئەوەیە دەکرێت مۆبایلە سمارتەکان بکرێن بە ئامێری xbox.

خاڵێکی گرنگی ئەم خزمەتگوزارییە ئەوەیە کە دەکرێت گشت یارییەکانی ئێکس بۆکس وان و ئیکس بۆکس ٣٦٠ لەسەر مۆبایلەکەت بکەیەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ نەخشەی بیناسازی

بۆ دروستکردنی نەخشەی بیناسازی پێویست بە ئەندازیار و پرۆگرامی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەگەر نیازت هەبێ بەبێ پرۆگرام ئەم کارە ئەنجام بدەی، ئەوە ماڵپەڕی smartDraw بۆ ئەم ئەرکە زۆر گونجاوە.

لەو ماڵپەڕەدا هەر شتێك پەیوەندی بە نمای بیناوەوە هەبێت دیزاینی دەکا، هەموو جۆرە بینایەکیش، وەك ڤیلا، یا خانووی شەقام و گشت جۆرە بینایەك.

دەتوانن ریزبەندی نمای دەرەوەی بینا، ژووری خەوتن، حەمام و چێشتخانە لەو ماڵپەڕەدا ببینی و هەرکام لەبەشەکانی ماڵەوە بەپێی ویستی خۆت دیزاین بکەی.



# تەبلێتێکی نوێ بۆ هەلومەرجە سەختەکان

تەبلێت و ئامێرەکانی وەك مۆبایل و لاپتۆپ، زۆربەیان ناسکن، بەبەرکەوتنێك، یان تەڕبوون و کەوتنەخوارەوەیەك تێکدەچن، بەڵام لەنێو ئەوانەشدا هەندێك هەن کە بۆ قۆناغە سەخت و دژوارەکان بەرهەم دێن و زیاتر ئەوانەی لە هێزی سوپایی دان یان ئەندازیاری کانەکانن سوودی لێوەردەگرن.

کۆمپانیای dellیەکێکی لەو تەبلێتانە بەرهەم هێناوە. تەبلێتەکە بە جۆری Latitude ٧٢٢٠ Rugged Extreme ناسراوە، پێچەوانەی زۆربەی تەبلێتەکان کە لە سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرن ، تەبلێتی ناوبراو سیستەمی ویندۆزی بۆ بەکار هاتووە.

هەروەك ئاماژەم پێدا، تەبلێتەکە وەك کورد دەڵێن بۆ رۆژە رەشەکانە، چونکە تۆز و خۆڵ کێشەی بۆ دروست ناکا، لەناو ئاودا کار دەکا و لەو شوێنانەی کە گەرماییەکی زۆریان لێیە کێشەی بۆ نایەتە پێش. بە کورتی بەرگەی گەرما و سەرما دەگرێ.

کێشی تەبلێتەکە هەندێك لە کیلۆیەك زیاترە. کۆمپانیای dell رایدەگەیەنێ کە بەهێزترین و سووکترین تەبلێتی خۆراگری بەرهەمهێناوە. تەبلێتەکە ١٢ ئینجە. سیستەمی بەگەڕخەری بەهێزی core i٧ی بۆ داندراوە. رامەکەی ٨ گیگابایت یا ١٦ گیگابایتە. هاردەکەی کە لە جۆری SSDیە ٢ ترابایتە. شاشەکەی لەمسییە، بەڵام دەکرێت بە دەستکێشت لەدەستدابێ و کاری پێ بکەی.

تەبلێتی ناوبراو لەگەڵ زۆربەی ئامێرە لاوەکییەکان دەگونجێت، وەك داك کیبۆرد و ئەوکات وەك لاپتۆپێکی لێدێ.